# بوودای ناو هەورەبانەکە

رانانی: محەمەد کوردۆ

ڕۆمانی (بوودای ناو هەورەبانەکە)، کە ڕۆمانێکی (203) لاپەڕەیی (جولی ئۆتسوکا)یە و (سەیوان محەمەد) لە ئینگلیزییەوە کردویەتی بە کوردی و (ناوەندی غەزەلنوس) لە ساڵی (2015) چاپیکردووە، بە سەرهاتی کۆمەڵێك خانمی ژاپۆنی دەگێڕێتەوە، کە (بە ناوی شوکردنەوە) بە پیاوگەلێك فرۆشراون لە ئەمریکا. ئەو خانمانە کە: (گەنجترینیان دوازدە ساڵانە و هێشتا نەکەوتۆتە سەر خوێن، بە تەمەنترینیشیان سی و حەوت ساڵانە-ل23)، هەندێکیان لەو کچە جوتیارانەن کە: (هەرگیز دوای نۆی شەو بە خەبەر نەبوون-ل22). هەندێکیان: (تازە بۆ یەکەمجار شەمەندەفەریان بینیوە-ل22). ئەو خانمانە بەم شێوەیە سەرەتای نەهامەتییەکانی خۆیان دەگێڕنەوە: ((لە سەر کەشتییەکە نەماندەزانی، کاتێك بۆ یەکەمجار مێردەکانمان دەبینین، هیچ بیرۆکەیەکمان نییە لەوەی ئەوان کێن. نەماندەزانی کە کۆمەڵێك پیاو بە کڵاوی چنراو و چاکەتی دڕاوی ڕەشەوە لە سەر شۆستەکە چاوەڕوانمان دەبن، هیچ لێکچوونێکیان نابێت، لەگەڵ پیاوە گەنجە قۆزەکانی ناو وێنەکاندا. نەماندەزانی کە ئەو وێنانەی بۆمان نێردرابوون هی بیست ساڵ پێشتر بوون. نەماندەزانی کە ئەو نامانەی بۆمان نوسرابوون لەلایەن کەسانی ترەوە بوو، نەك مێردەکانمان، خەڵکانی پیشەگەر بە خەتی خۆشەوە، کە کاریان ئەوە بووە درۆ بکەن و دڵی خەڵك بە دەستبهێنن-ل37-38)). ئەو خانمانە لە ئەمریکا، هەم خۆیان و هەم منداڵەکانیان و دواتر مێردەکانیشیان، بە تایبەت، پاش دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهان، زۆرترین نەهامەتی و ماڵوێرانی و مەرگەسات دەبینن.




ئەو خانمە ژاپۆنییانە بەرەو کیشوەرێکی نەناسراو دەڕۆن، کە بە پێچەوانەی ئەمانەوە خەڵکی ئەو کیشوەرە: (هیچ ناخۆن جگە لە گۆشت، جەستەشیان بە موو داپۆشراوە- خانمە ژاپۆنییەکان بە زۆری بودایین و گۆشت ناخۆن،موویشیان تەنیا لە شوێنی گونجاوی خۆیدا هەیە-ل20-21). خەڵکی ئەو کیشوەرە نەناسراوە: (زمانەکەیان دە هێندەی زمانی خانمە ژاپۆنییەکان قورسە، ئەوان کتێب لە پشتەوە بۆ پێشەوە دەخوێننەوە و سابونیش لە حەمامدا دادەنێن-ل21). دەتوانم بڵێم: ئەم ڕۆمانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بە پلەی یەك ڕۆمانی (فریودان و فریوخواردن)ی مرۆڤە. ڕۆمانی (بازرگانیکردنە بە مرۆڤ)ەوە. ڕۆمانی (چەوساندنەوەی ژن و تیاچوونی کۆرپە و منداڵەکانیان)ە. دواجاریش ڕۆمانی (جەنگ و ماڵوێرانییەکانی جەنگ)ە. لە ڕووی تەکنیکیشەوە، بە پلەی یەك ڕۆمانی (تێکشکاندنی تەکنیکە باوەکانی ڕۆماننوسین)ە. ئەم

ڕۆمانە پڕ پڕە لە چیرۆك و زۆربەی چیرۆکەکانیشی لە (ڕستەگەلی هەواڵئامێزی کورت) پێهێنراون. لێرەدا، بۆ نمونە، کەمتر لە یەك لاپەڕەی ڕۆمانەکە وەك خۆی دەنوسمەوە:((تۆرا بە نەخۆشییەکی کۆئەندامی زاوزێوە ڕۆیشت، کە لە دواهەمین شەویدا لە هۆتێلی وێڵکەم تووش بووبوو. ساچیکۆ کە ڕۆیشت ڕاهێنانی لە سەر ABCدەکرد، وەك ئەوەی هەر ڕۆژێکی ئاسایی بێت. فوتاێ کە لە نێوانماندا زۆرترین وشە فێربووبوو، بەبێ قسەکردن ڕۆیشت. ئاتسوکۆ بە دڵشکاوی ڕۆیشت پاش ماڵئاواییکردن لە هەموو دارەکانی ناو ڕەزەکەی. هەموویانم بە نەمامی ناشتبوون. میۆشی کە ڕۆیشت تاسەی ئەسپە گەورەکەی دەکرد. ڕیوو. ساتسویۆ کە ڕۆیشت بە دوای دراوسێکانیدا دەگەڕا. بۆب و فلۆرێنس ئیلدریج کە بەڵێنیاندابوو بێن و ماڵئاوایی لێ بکەن. تسوگینۆ بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕۆیشت پاش ئەوەی نهێنییەکی کۆن و ناخۆشی بە هاوارکردن بۆ ناو بیرێك ئاشکرا کردبوو. دەمی کۆرپەکەم پڕ کرد لە خۆڵەمێش و مرد. کییۆنۆ کە ڕۆیشت کێڵگەکەی سەر ڕێی وایت ڕۆدی بەجێهێشت و دڵنیا بوو بە هۆی تاوانێکەوە سزادەدرێت، کە لە ژیانی ڕابردوودا ئەنجامیداوە. دەبێت پێم بە جاڵجاڵکەیەکدا نابێت. سێتسوکۆ ماڵەکەی لە گریدڵی بەجێهێشت، پاش کوشتنی هەموو مریشکەکانی لە حەوشەی پشتەوەدا-ل166)). ڕۆمانەکە بە گشتی ڕۆمانێکی ڕستەییە، ڕستەی کورت. ئەوەی (تەیب جەبار) لە شیعردا ناوی ناوە (بژارکردنی گژوگیای زمانەوانی)، (جولی ئۆتسوکا) لەم ڕۆمانەدا زۆر بە وردی، کردویەتی. ئەم نوسەرەش، بەڵام بە مانایەکی تر، وایکردووە: لەسەر هیچ پاڵەوانێك، یان ڕوداوێك، یان حیکایەتێکی ناو ڕۆمانەکە، هیچ ڕونکردنەوەیەکی پێویستی نەداوە. تەنانەت کە مەنەلۆگ، یان دیالۆگێك دێت، دەبێت تۆ خۆت بزانیت هی کێیە؟ نوسەر ڕونکردنەوە نادات، تەنانەت داشێکیش بۆ دیالۆگەکان دانانێت. ناڵێ کێ وتی و بۆ کێی وت؟ دەشێت بەم جۆرە، ویستبێتی جگە لە (بژارکردنی گژوگیای زمانەوانی)، بە خوێنەریش بڵێت: مەرگەساتی پاڵەوانەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لە یەك دەچن، ئەوەی گرنگە بینینی دیمەنە گشتییەکەیە، بۆیە ئەو بە تایبەت لە سەر هیچ کەسێك ناوەستێت، بێگومان دەکرا یەکێك لە پاڵەوانەکان، ببێت بە ڕەمزی ئەوانی دی و هەموو ڕوناکییەکە بخرێتە سەر ئەو کەسە، بەڵام ئەوە نەکراوە. ئێستا دەمەوێت بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکەم، گریمانەیەك بکەم: گریمان سبەی نوسەرێکمان ویستی ڕۆمانێك لە سەر کارەساتی هەڵەبجە بنوسێت، بێگومان لەو کاتەدا ئەوەی زۆر گرنگ بێت هەڵەبجەیە، لە کاتێکی وادا زۆر گرنگ نییە ئەم قوربانییە ناوی چییە؟ یان ئەو قوربانییەی دی کێیە؟ چونکە لەو کاتەدا ئەوەی پێویستە پێشانبدرێت، دیمەنی گشتی کارەساتەکەیە. (جولی ئۆتسوکا)، قوربانییەکانی تێکەڵ کردووە. ڕەنگە بەشێك لە جیاوازی و ناوازەیی ڕۆمانەکەش لە بنەڕەتدا بۆ ئەم خاڵە بگەڕێتەوە، چونکە وەك چۆن دەربارەی (تاك) وتراوە (هەر لەوە بەرپرس نییە کە دەیکات، لەوەش بەرپرسە کە نایکات). نوسەریش هەر بەوە خۆی لە نوسەرانی تر جیاناکاتەوە کە دەیکات، بەوەش خۆی جیادەکاتەوە کە نایکات. بە هەرحاڵ، وتمان ئەم ڕۆمانە زیاتر ڕۆمانێکە لەسەر (ڕستەگەلی کورتی هەواڵئامێز) بونیات نراوە، دەشتوانین بە مانایەکی تر بڵێین: ئەم ڕۆمانە لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی دەچێت، کە تیایدا سەدان وێنەی جۆراوجۆری، سەدان کەس پیشاندراون و زۆر بە کورتی لە خواریانەوە، چەند وشەیەك نوسراون، کە وێنەکان ڕوونەدەکەنەوە، هەروەها دەشتوانین بڵێین: ئەم ڕۆمانە هەم یەکێك لە فرەپاڵەوانترین ڕۆمانەکانی دنیایە، هەم ڕۆمانێکی بێپاڵەوانە. فرەپاڵەوانە، چونکە بە سەرهاتی سەدان کەس دەگێڕێتەوە. بێپاڵەوانیشە، چونکە جگە لە چەند ڕستەیەکی کەم، هیچ شتێك لە سەر هیچ پاڵەوانێك ناڵێت، تەنها یەك پاڵەوانیشی تێدا نییە، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، بە باشی بیناسین، تەنانەت ناوی ڕۆمانەکەش لە بوودایەکی مسینی بچکۆلانەوە وەرگیراوە،؟ کە تەنها لە یەك شوێنی ڕۆمانەکەدا یەك ئاماژەی کورتی بۆ کراوە: ((هاروکۆ کە ڕۆیشت بوودایەکی دەمبەپێکەنینی بچووکی مسی لە سوچێکی هەورەبانەکەدا بەجێهێشت، کە هەتا ئەمڕۆیش لەوێدا پێدەکەنێت-ل167-168)).



رانان